# کتێبخانە و ئەرشیفی

د. عوسمان دەشتی

لە کتێبخانەی ناوەندیی زانکۆی کۆیە

٢٧٢٢ی کوردی

٢٠٢٢ی زاینی

# دەستپێشخەرییەکی جوان و پێشوازییەکی شایان

# لە هەرێمی زانکۆی کۆیەدا

بەڵێ وایە حوکمی قەدەر وایکردووە، کاروانی ژیانیش چۆن دێت ئاوهاش دەبڕێتەوە، تەمەنیش دەگات بەدوامەنزڵ و تەواو دەبێت. حاجیی نەمر گوتەنی :

مەرگ و ژین میسلی سێبەر و تاوە        ئەوەی باقی بمێنێ هەر ناوە

ساڵانێك بوو چارەنووسی ئەرشیف و کتێبخانەکەم ببوو بەیەکێك لەو خەمانەی کە هەمیشە لە مێشك و لە خەیاڵمدابوو، تینوتاویشی بۆدەهێنام تا هەرچی زووە بگەم بە بڕیارێك لەو بارەوە.

ئاکام و چارەنووسی هەندێ لە کتێبخانە و نامەخانەی ناودارانم لەبەرچاوبوو، لە وێنەی ئەرشیف و کتێبخانەکەی د. کامیل حەسەن بەسیر، د. ئاوڕەحمانی حاجی مارف، بەشێك لە کتێبخانە و

ئەرشیفی مەلای گەورە و مەسعود محەمەد، هی سەید عوبەیدوڵڵای ئەییوبیانی مەرکەزی (بڕڕەك) لە مهاباد...، تا بە ئەرشیف و نامەخانە مەزن و دەوڵەمەندەکەی مامۆستای کۆچکردووم د. مارف خەزانەداریش ڕادەگات، لێرەدا بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە هەر ئەوەندە دەڵێم کە بەڕاستی بارودۆخ و چارەنووسیان ئەوە نەبووە کەوا مرۆڤ پێی ئاسوودە و پێی دڵخۆش بێت!.

لەسەرەتادا من لەلای خۆمەوە پڕۆژەیەکم بۆ دواڕۆژی کتێبخانەکەم لەبەرچاوگرتبوو ئەویش بە پەیوەندی لەگەڵ کتێبخانە دیار و دەوڵەمەندە کەسییەکانی شارەکەم، لە وێنەی ئەرشیف و نامەخانە دەوڵەمەندەکەی مومتاز حەیدەری، فەرهاد عەونی، عەبدوڵڵا زەنگەنە، مامۆستا نەژاد، تاریق جامباز....، لەلای یەك دووانێکیش لەم کەسایەتییە بەڕێزانە و خەڵکانی تریش مەسەلەکەم درکاندبوو، بەڵام بەپیرەوە هاتن و وەڵام و پێشوازییەکی ئەوتۆم دەسگیر نەکردبوو، بۆیە هاتبوومە سەر ئەو قەناعەتەی کە دەبێ خۆم مشوری ئەوکاروبارانەی خۆم بخۆم و گرەو لەسەر هیچ پلان و پڕۆژەیەکی دیکە نەکەم. بژاردەی دیکەشم لەبەردەمدا هەبوو بۆ بەخشین و پێشکەشکردنی

کتێبخانەکە، لە نموونەی پێشکەشکردنی کتێبخانەکە بە (بنکەی ژین) لە سلێمانی، یاخود (ئەکادیمییای کوردی) لە هەولێر، بەڵام ئەوەی هەرگیز بەخەیاڵمدا نەدەهات و دڵم بۆی نەدەچوو، فرۆشتن و گۆڕینەوەی کتێبەکانم بوو لەبەرامبەر گوژمەیەك پارەوپوول، جا چ کەم بێت یاخود زۆر. هەربۆیە بیرم بەلای بژاردەیەکی دیکەوە ڕۆیشت، بژاردەیەکی ڕێکوگونجاوو دروست، ئەویش بەخشین و پێشکەشکردنی تەواوی کتێبخانە و ئەرشیفەکەم بە زانکۆی کۆیە بوو. ئەویش لە ڕێگەی هەندێك پێشنیاز و داخوازییەوە بەو مەرجەش لە ژێر سەرپەرشتی و چاوەدێری خۆمەوە جێبەجێ بکرێت.

ئەوەی ڕاستی بێت وا بۆ بیست ساڵ دەچێت بەندە لەو زانکۆ دیار و درەوشاوەی کوردستاندا ژیانی وەزیفی بەڕێ دەکەم و بە گوێرەی توانا درێژە بەکار و بەخزمەتی زانستی خۆم دەدەم. ساڵانێکی هەرە بەپیتی تەمەنمان لەم زانکۆیەدا بەڕێکردووە، هەم لەپەروەردە و پێگەیاندنی دەیان و سەدان خوێندکاری گەنج و لاوی کچ و کوڕی کوردان لە قۆناغە جیاجیاکاندا، تا ئەوەی بەشێك لە

خوێندکارەکانمان لە ڕشتەی خوێندنی باڵا و ماجستێر و دکتۆرا، لە ئێستادا مامۆستا و کادیری ئەکادیمیی تەواو و پێگەیشتوون و بەشانازییەوە بوون بە هاوڕێ و هاوکار و هاوپێشەی خۆمان لە بەشەکانی زمانی کوردی لە زانکۆکانی کوردستاندا. لەلایەکی دیکە بەشێکی هەرە زۆری کاروچالاکی و پرۆژە زانستی و فەرهەنگییەکانمان، لەچاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب و توێژینەوە و بەشداریکردن لە کۆڕوکۆنفرانس و سیمینار و وۆرکشۆپی زانستی.. لەم زانکۆیەدا و لەماوەی ئەم بیست ساڵەدا بە ئەنجام گەیاندووە. سەرباری ئەوەی کە لەم ماوەیەدا لەو مووچەو بەراتەش بەهرەمەند بووین کەوا پێمان ڕەوا بینراوە و بەو هۆیەوە ژیان و گوزەرانێکی زۆر باش و شایستەمان بۆ دابین بووە، ئەنجا ئەو سۆز و ڕێز و میهرو موحیببەتەش لەولاوە بوەستێ کە لەلایەن خوێندکاران و مامۆستایانی هاوپیشەمان، بەتایبەتیش ستافی کارگێڕی و دەستەی سەرۆکایەتی زانکۆ لەو ماوەیەدا بە بەردەوامی لە ئاستماندا نوێندراوە، کە بۆ هەمیشە مایەی شانازییەکی زۆر گەورەیە و کە هەتا دونیا بەدونیا بێت و ئێمە تیایدا زیندوو بین، ئەوا پێیەوە دەنازین و هەرگیز لەبیری ناکەین. بە

کورتی ئەم بژاردەیەی دوایی بۆ بەندە، ڕێك و ڕەوان کاڵای پڕبەقەد باڵابوو، بۆیە دەمودەست بێ سڵەمینەوە کەوتینە بیرکردنەوە بۆ چۆنییەتی بەئەنجام گەیاندن و جێبەجێکردنی. هەنگاوی یەکەم ئامادەکردنی یاداشتێك بوو کە ئاراستەی سەرۆکایەتی زانکۆی بکەین و تیایدا نیازوخواست و پلان و پڕۆژەکەمان لەو ڕووەوە بۆ بخەینە ڕوو، ئەنجا هەر بەو شێوەیە لە کۆتایی ساڵی خوێندنی ٢٠٢٠-٢٠٢١ دا و لە مانگی حوزەیرانی ٢٠٢١دا دەقی ئەم یاداشتەمان ئاراستەکردن:

بۆ بەڕێز: سەرۆکی زانکۆی کۆیە

بەڕێز: یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا

بەڕێز: یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری کارگێڕی و دارایی

بەڕێزان: ئەندامانی ئەنجومەنی زانکۆ

بابەت: یاداشتێك سەبارەت بە نیازی پێشکەشکردنی کتێبخانە و ئەرشیفی تایبەتی خۆم بە کتێبخانەی ناوەندیی زانکۆی کۆیە

**بەڕێزان بەسڵاوێکی گەرمەوە...**

بەندە (پ.د.عوسمان دەشتی)، بۆ بیست ساڵ دەچێت، وەکو مامۆستا لە زانکۆی کۆیە دەستبەکاربووم و زۆریشی نەماوە خانەنشین ببم، بەهۆی هۆگریم لەگەڵ دونیای نووسین و کتێب و ڕۆشنبیری و خوێندنەوەوە هەر لە دەستپێکی تافی لاوێتیمدا، لە پاڵ بەشداری و تێکەڵاویم لەگەڵ کاری ڕێکخراوەیی و سیاسی و خەباتی نەتەوەیی و نیشتیمانیدا، ئەمانە بوونەتە مایەی ئەوەی کە لە ماوەی ئەم پەنجا ساڵەی رابردوودا کتێبخانە و ئەرشیفێکی ڕۆشنبیری و بەڵگەنامەیی هەمەچەشنە و دەوڵەمەندم لەلا کۆببێتەوە، کە خۆی لە پێنج شەش هەزار بەرگ کتێب و فەرهەنگ و دەیان جۆری گۆڤار و ڕۆژنامەی هەمەچەشنە دەدات بەهەر سێ زمانەکانی (کوردی و عەرەبی و فارسی).

هەر بۆ نموونە وەکو سەرەقەڵەم ئاماژە بۆ هەندێ لایەنی وردەکاری لە هەمەچەشنەیی بوارەکانی ڕۆشنبیری کتێبخانەکەم دەکەم:

یەك/ لە بواری مێژوودا: بەدەیان بەرگ کتێبی مێژوویی، بەهەر سێ زمان لە بواری مێژووی کورد و کوردستان، مێژووی سیاسی عێراق، مێژووی سیاسی جیهان و وڵاتانی ناوچەکە لە کتێبخانەکەدا هەن.

دوو/ لەبواری ئەدەبیات و ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی و شیعر و شاعیرانی کورد، ڕەنگە کەم کتێب هەبێت، کە لەم پەنجا ساڵەدا چاپ و بڵاو بووبێتەوە لە کتێبخانەکەدا نەبێت، بە نموونە هەموو کتێب و بەرهەمەکانی (عەلائەدین سەججادی)،(مەلا عەبدواکەریمی مودەڕیس)، (د. مارف خەزنەدار) و(د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ)، (مەسعوود محەمەد)، (محەمەد عەلی قەرەداغی) و تاد.

سێ/ هەموو ئەو کتێبانەی لەبارەی زمان و ڕێزمانی کوردیدا نووسراون و بڵاو کراونەتەوە لە کتێبخانەکەدا هەن تاکوتەرایان نەبێت.

چوار/ کتێبەکانی تایبەت بە گۆرانی و هونەر و ئەدەبی فولکلۆری کوردی بەشێکی تایبەتییان لە کتێبخانەکەدا هەیە.

پێنج/ بە زمانی عەرەبی و ئەو کتێبانەی تایبەتن بە (ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی عەرەبی) خۆیان لە شەشسەد بەرگ کتێبی دانسقە و نایاب دەدەن، کە ژمارەیەکیان تێز و نامەی زانکۆیین، لە تەك دەیان کتێبی ڕۆمان و چیرۆکی عەرەبی و جیهانی و دیوانی شاعیرانی عەرەب.

شەش/ ئەو کتێبانەی تایبەتن بە زمان و شیعر و ئەدەبیات و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فارسی زیاتر لە سێسەد دانە دەبن و لە بەشێکی تایبەتی کتێبخانەکەدان.

حەوت/ کتێبخانەکە لە مەسەلەی فەرهەنگەکانی زمان و زاراوەکاندا زۆر دەوڵەمەندە، بۆنموونە بەشێکی زۆر لە فەرهەنگەکانی، کوردی- کوردی، عەرەبی- کوردی، فارسی- کوردی، ئینگلیزی- کوردی ... تاد. تیایدا بەدی دەکرێت، لەپاڵ فەرهەنگە ناودارەکانی فارسی، وەکو: (دەهخدا-١٦بەرگ)، (فەرهەنگی سوخەن-١٧ بەرگ)،(فەرهەنگی موعین-٦ بەرگ)، (فەرهەنگی بورهان قاطع-٥ بەرگ)، (فەرهەنگی کوردستان- ٣ بەرگ)، (فەرهەنگی کاوە -٣ بەرگ)، (فەرهەنگی عەمید- ٢ بەرگ)، لەپاڵ فەرهەنگی زاراوەکانی هەمە جۆر، وەکو: فەرهەنگی ئەدەبی، سیاسی، ئابووری، فەلسەفی، پزیشکی، کشتوکاڵی... تاد. بەزمانە جیاوازەکان.

هەشت/ نزیکەی پەنجا دانە تێزی دکتۆرا و ماستەر لە بوارەکانی زمان و ئەدەبی کوردی لە کتێبخانەکەدا بەدی دەکرێت.

نۆ/ بەشێکی تایبەتی کتێبخانەکە هەموو ئەو کتێب و چاپکراوە کوردییانەن، کە تایبەتن بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەپاڵ بەشێك لە کتێب و چاپکراوەکان بە ڕێنووسی لاتینی.

دە/ ئەگەر بەنموونە ناوی نووسەرەکان بێنین لەدەرەوەی بوارەکانی زمان و شیعر و ئەدەبیاتدا، ئەوا لە ڕاستی لانادەم ئەگەر بڵێم: هەموو کتێب و دانراوەکانی: ( د. کەمال مەزهەر، مەسعوود محەمەد، نەوشیروان مستەفا، محەمەد حەسەنێن هەیکەل، هەموو نامیلکە و کتێب و نووسینەکانی بەڕێز مام جەلال ... تاد) زۆری دیکەش لە کتێبخانەکەدا هەن.

یازدە/ کتێبەکانی یاداشت و بیرەوەری، مێژووی سیاسی کورد لە ئێران، مێژووی حیزبی شیوعی عێراقی، پارتی دیموکراتی کوردستان، کۆمەڵەی ڕەنجدەران و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، بەشێکی دیکەی کتێبخانەکە پێکدەهێنن.

دوازدە/ هەرچی دیوان و باس و لێکۆڵینەوە هەیە و چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لە بارەی هەریەك لە (مەلای جەزیری، ئەحمەدی خانی و مەم و زین، نالی، سالم، کوردی، شێرکۆ بێکەس ... تاد) لە کتێبخانەکەدا هەیە.

سێزدە/ سەبارەت بە گۆڤار و ڕۆژنامە و دەوریاتی کوردی و عەرەبیش، ئەوا ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی وەکو: (کاروان، برایەتی، ڕزگاری، گۆڤاری مەهاباد، گۆڤاری سروە، بەیان، ڕۆشنبیریی نوێ، ڕۆژی کوردستان، هەتاو، بیری نوێ، بڵێسە، گەلاوێژ، هاوکاری) بەشێکیان بەتەواوەتی و هەندێکیان بە ناتەواوی لە کتێبخانەکە بەدی دەکرێن.

چواردە/ بە زنجیرە هەموو ژمارەکانی (گۆڤاری زانکۆی کۆیە، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کوردی حەفتاو هەشتاکان، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، گۆڤاری هەتاو، نزار، زاری کرمانجی، کوردستان، شەفەق، نوبەهار...تاد) لە کتێبخانەکەدا هەن.

بەگشتی و بە قەڵەمی درشت ئەمانە بەشێکن لە پێکهاتەی کتێبخانەکە. لەپاڵ زۆر بوار و بابەتی دیکە لە وێنەی: مێژووی ڕۆژنامەوانی کوردی، جوگرافیا و مێژووی شارو باژێڕەکانی کوردستان، مێژووی هۆز و خێڵەکانی کورد ... تاد.

بەندە نیازی ئەوەم هەیە کتێبخانەکەم بگوازمەوە بۆ کتبێخانەی زانکۆی کۆیە و پێشکەشی بکەم تا ئەوەی ڕۆڵەکانی گەلەکەم سوودی لێ ببینن و کەلێنێکی شیاو پڕبکاتەوە. بەڵام مەبەستم ئەوەیە کەوا پڕۆژەکە لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی خۆمدا و لەماوەی ئەو ساڵەدا لە خزمەت و وەزیفەدا ماومە جێبەجێ بکرێت. ئەنجا بە مەبەستی جێبەجێکردنی پڕۆژەکە پێشنیاز دەکەم:

١- بەڕێز سەرۆکی زانکۆ خۆی، ئەگەریش گونجا بە هاوڕێیەتی یاریدەدەرەکانی لەسەر ڕێگای هاتوچۆیاندا بۆ کۆبوونەوەکانی وەزارەت لوتف بکەن و جارێکیان لە ڕێگەدا ئیستێك بکەن و لابدەن بۆماڵی بەندە (لە شارۆچکەی کەسنەزان)، هەم چایەکیشمان لەلا بخۆنەوە، هەمیش لە نزیکەوە کتێبخانەکە ببینن، ئەوسا بڕیار لەبارەی پڕۆژەکەمەوە بدەن،

٢- له كتێبخانەی ناوەندیی زانكۆ، هۆڵێكی شایستەمان بدەنێ ( بەشی خوارەوەی بینای كتێبخانەی زانكۆ، جگە لە هۆڵی خوێندنەوە هۆڵێكی دیكە هەیە، كە هەندێ كتێب و شتی تێدایە) دەكرێت ئەو هۆڵەمان بۆ تەرخان بكەن.

٣- مەبلەغێك پارەمان بۆ تەرخان بكەن تاوەكو ئەم خەرجییانەی پێبكەین:

أ- هۆڵەكەی پێ ڕێك وساز بكەینەوە، بۆیەكردن، قفڵ وكلیلی دەرگاوپەنجەرەكان.

ب- هۆڵەكە بۆ كتێبخانەكە تەجهیز بكرێت، واتە بەدار وتەختە یان ڕەفە ودەرەجی تایبەت بە كتێبخانەی بۆ بكڕدرێت و لە هۆڵەكەدا دایبمەزرێنین.

ج- هەندێك لە كۆمەڵەی گۆڤار وڕۆژنامەكان، یان كتێبەكان، پێویستییان بە بەرگكردن و تەجلید هەیە بۆیان بكەین بەر لە گواستنەوەیان.

د- کتێبەکان بەپێی ئەو پۆلێنبەندییەی ئێستا هەیەتی، دەخرێنە ناو کارتۆن و بەدوو سێ کاروان دەگوازرێنەوە بۆ کتێبخانەی زانکۆ.

هـ- لە کتێبخانەی زانکۆ لیژنەیەکی بۆ پێکدەهێنین، بەپێی سیستەمێکی داتابەیسی گونجاو، لە دوو کۆمپیوتەردا هەموو ناونیشانەکان وردە وردە تۆمار دەکەین.

٤- ئەنجا بۆ ئەوەی پرۆژەکەمان بەپوختەیی و بەڕێکوپێکی جێبەجێ بکرێت، بە گوێرەی دڵخوازی خۆم و بەپێی ئەو پلان و نەخشەیەی کە دامانڕشتووە، داوا لە سەرۆکایەتی زانکۆ دەکەم تەنیا بۆ ماوەی ئەو ساڵەی دادێت بەڕێوەبەرێتیی کتێبخانەی زانکۆ بە بەندە بسپێرن، تا بڕیار و ئیختیاراتی کارمەندەکان و کتێبخانەکە لەدەست بەندە دابێت، هەروەها بەخێراییش بتوانم پەیوەندی لەگەڵ سەرۆکایەتیی زانکۆدا بگرم و هەر کاروبارێکیش پێویست بکات گەرماوگەرم ڕایی بکەین دوور لە ڕۆتین و بیرۆکراتیەت.

٥- هۆڵەکە بەناوی بەندە بکرێت، بەشێکیشی بۆ وێنە و کتێب و دەستخەت و کەلوپەلەکانی خۆم تەرخان بکرێت، هەروەها تا لە ژیاندا مابم، بە مەبەستی نووسین و لێکۆڵینەوەکانم، ئەوا ئەو مافەم هەبێت کە بە ئازادی هەرچییەکم پێویست بوو بە ئەمانەت وەری بگرم.

٦- ئەنجا دوابەدوای تەواوبوونی کارەکان، دەکرێت هۆڵەکە لە مەراسیمێکی شایستەدا بەفەرمی بکرێتەوە.

ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە، کەوا ئەم کتێبخانە و ئەرشیفە تایبەتە، بەرهەم و دەستکەوتی هەموو تەمەنی خۆمە و ئەمڕۆ وەکو پارچەیەکە لەدڵ و لە جگەرم، هەروەکو منداڵ و جگەرگۆشەکانی خۆشم لەلام خۆشەویست و بەقیمەتە، تەنانەت لە هەموو ماڵ وموڵك و سامانی خۆم خۆشتر دەوێت، بەڵام بە هەموو دڵ و دەروونیشەوە گەیشتوومەتە ئەو بڕیارەی پێشکەش بە زانکۆی کۆیەی بکەم لە دوای ئەوەی ڕەزامەندیی زانکۆ دەخوازم کەوا هاوکار و پشتیوانم بن لە بە ئەنجامگەیاندنی

ئەم کارە، کەوا تەنیا مەبەست و ئامانج لە پشتەوەی بەرژەوەندیی گشتی و خزمەتکردن بەگەڵ و بە نیشتمان و بە ڕۆڵەکانی گەلی کوردەوەیە.

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێز وخۆشەویستی براتان

پ. د. عوسمان دەشتی

٢٠٢١/٦/٢٠

هەر لەسەرەتاوە سەرۆکایەتی زانکۆ، بەتایبەتیش پ.د. وەلی مەحمود حەمەد، پێشوازییەکی شایستەی لە بیرۆکە و لە پڕۆژەکەمان پیشاندا و بەڵێنی هەموو جۆرە هاوکاری و پشتیوانییەکی پێویستیشی پێداین، لەگەڵ ئەوەی هەنگاو هەڵهێنان بۆ بە جێگەیاندنی کارەکە، بەهۆی هەندێ پێشهاتەوە تۆزێك خاوی تێکەوت و مایەوە بۆ دەستپێکی ساڵی خوێندنی تازە ٢٠٢١-٢٠٢٢. ئەوە بوو لە کتێبخانەی ناوەندیی زانکۆدا هۆڵێکی شایستەمان ئامادە کرد بە هەموو کەرەستە و پێداویستییەکانییەوە، ئەنجا تەواوی ئەرشیف و کتێبخانەکەمان لە هەولێرەوە گواستەوە بۆ کۆیە و

بە هاوكاری و لە خۆبووردوویی بەڕێوەبەر و كارمەندانی كتێبخانەی ناوەندی زانكۆ بەتایبەت هەوڵ و ماندووبوونی بەڕێز شاخەوان محەمەد فەقیانی بەرپرسی كارگێڕی كتێبخانەی ناوەندی و لە گەڵیشیدا كاروان مەحمود ڕەشید هەرگیز لەبیر ناكرێن، توانیمان بەماوەیەكی كەم و بە ڕێكوپێكی تەواوی كتێبخانەكە لە هۆڵەكەدا جێگیر بكەین، یەكەم شت پۆلینبەندییەكی سەرەتاییمان بۆ كتێبخانەكە كرد و بەمە هەنگاوی یەكەم و گرینگی پرۆژەكەمان جێبەجێكرد، ئەنجا بەر لەوەی بكەوینە سەر ئەنجامدانی هەنگاوی دووەمی سەرەكی كارەكە، كە خۆی لە تۆمار و ئەژمار و پۆلین و ناونووسكردنی كتێبەكان و داخیلكردنیان بەپێی سیستەم و داتابەیسی تایبەت لە كۆمپیوتەردا دەبینێتەوە، بەر لەوە بە گونجاومان زانی ڕێوڕەسمێك بۆ كردنەوەی هۆڵەكە و ڕاگەیاندنی بەڕێوە ببەین.

ئەوە بوو لە ڕۆژی ٢٠٢١/١١/١٦ دا و لە ساڵۆنی كتێبخانەی ناوەندی بە ئامادەبوونی سەرۆكی زانكۆ، یاریدەدەرانی سەرۆكی زانكۆ، ڕاگری فاكەلتی پەروەردە، سەرۆك و مامۆستایانی بەشی كوردی،

ژمارەیەك لە میوان و کەسایەتی و ڕووناکبیرانی شاری کۆیە، ئەنجا ژمارەیەك لە دۆست و هاوڕێ و ئەندامانی خێزان و بنەماڵەی خۆمان، ئاهەنگ و ڕێوەڕەسمێکی قەشەنگ و خنجیلانە بەڕێوەچوو. لە مەڕاسیمەکەدا هەریەك لە بەڕێزان پ.د. وەلی مەحمود سەرۆکی زانکۆ، پ.ی د. حەیدەر لەشکری یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا، پ.ی.د. دەریا جەمال حەوێزی سەرۆکی بەشی کوردی، پ.ی.د. عومەر مەحمود کەریم وەکو نوێنەری مامۆستایانی بەشی کوردی، وتەیان پێشکەش کردو لە گوتار و قسەکانیاندا بە پەسەندی و پێشوازی و پیاهەڵدانی پڕۆژەکە و ستایشکردنی بەندەش لەم ڕووەوە، گەڵێك قەرزدار و منەتباریان کردین.

دواتر بڕوانامەی ڕێزلێنان لەپای ئەم پڕۆژەیە لەلایەن سەرۆکایەتی زانکۆ و بەشی کوردییەوە بەخشرایە بەندە، قسەی کۆتایی لەمەڕ سەربردە و ناوەڕۆك و ناواخنی کتێبخانەکە بۆ بەندە هێڵرایەوە، لە پاشان ئامادەبووان بەناو هۆڵەکەو ڕاڕەوەکانی کتێبخانەکەدا گەڕان و لە نزیکەوە ئاشنای بەش و بابەتگەل و ناونیشانەکان بوون. بەخواردن و بەخشینەوەی شیرینی و بڕێك وێنەی

یادگاری ڕێوڕەسمەکە لەو ڕۆژەدا کۆتایی هات. بۆ حەفتەی ئاییندە کەوتینە مشورخواردن و هەنگاو هەڵهێنان بۆ جێبەجێکردنی قۆناغی دووەم کە پێویستی هەرە گرینگە بۆ هەر کتێبخانەیەك ئەویش ئەژمار و پۆلین و تۆمارکردنە لە کۆمپیوتەر بۆ ئەو مەبەستە بەهاوکاری د. ئارام سامیی بەڕەوەبەر، دوو لێژنە پێکهێندران، تاوەکو لە ڕۆژانی حەفتەدا بە نۆرە دەستبەکار بن بۆ ناونووسین و ئەژمار و تۆمارکردن بەپێی سیستەمێکی تایبەت کە لە کتێبخانەکەدا پەیڕەو دەکرێت.

لە ڕاستیدا ئەمەیان کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵام بەهۆی لەخۆبووردوویی و پێشوازی گەرمی تەواوی کارمەندەکان و بەتایبەتیش هەردوو بەڕێزانی سەرۆکی لیژنەکان، د. فایەق شکور عەباس و د. ئەحمەد عەبدوڵا وەلی، توانرا لەماوەیەکی کەمتر لەوەی پێشبینیمان بۆ کردبوو، لە دەستپێکی ساڵی نوێی ٢٠٢٢ تاوەکو کۆتایی مانگی نیسانی ئەوساڵە تەواوی کارەکان ڕاپەڕێندرێت و کتێبخانەکە بەتەواوی و بەدروستی بکەوێتە سەر شاڕێی سوودلێوەرگرتن و بەردەستبوون، وەکو بەشێك لە کتێبخانەی ناوەندیی زانکۆ کۆیە، بۆ هەموو خوێندکاران و توێژەران و مامۆستایان

بەتایبەت لە بوارو پسپۆڕییەکانی زمان و ئەدەبیات، لە هەر سێ مەیدانی زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسیدا.

کردنەوەی کتێبخانەکە لە میدیاکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، لە شێوەی هەواڵ و ڕیپۆرتاژو پەسن و دەستخۆشی لێکردن ڕەنگی دایەوە. لێرەدا یەکێکیان وەکو نموونە دەهێنینەوە کە لەلایەن براو هاوڕێی خەباتگێڕو ڕووناکبیرمان کاك قادر وریاوە لە کاتی خۆیدا لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکدا بڵاو بوویەوە کە ئەمەش دەقەکەیەتی:

# (دەسپێشخەرییەکی جوان و پێشوازییەکی شایان لە هەرێمی زانکۆی کۆیەدا)

قادر وریا ٢٠٢١/١٢/١٦

ئەمڕۆ بەشداری ڕێوڕەسمێک بووم کە جگە لەوەی زۆرم چێژ لێوەرگرت، زۆریشی لێ فێر بووم. پرۆفیسۆر د. عوسمان دەشتی لە بەرەبەری خانەنشین بوونیدا، بڕیاری داوە کتێبخانەی شەخسیی خۆی پێشکەشی کتێبخانەی ناوەندیی زانکۆی کۆیە بکا. کتێبخانەیەک کە لە هەزاران کتێب پێکهاتووە، ئەویش چۆن کتێبێک؟ بە دەیان فەرهەنگ بە زمانەکانی کوردی و فارسی و عەرەبی کە هێندێکیان وەک "لغتنامەی دهخدا" و "فرهنگ سخن" لە ١٥ بەرگ زیاترن؛ سەدان توێژینەوەی زانکۆیی لە ئاستی ماستەر و دوکتورا لە بوارەکانی ئەدەب و زمان و مێژوو و ڕۆژنامەنووسی کە بە شێوەی کتێب چاپ بوون؛ سەرجەم بەرهەمەکانی کۆمەڵێک نووسەر و کەسایەتیی زانستیی کورد وەک د. کەماڵ مەزهەر، د. مارف خەزنەدار، مامۆستا مەسعوود محەممەد و هتد؛ موجەللەد (کۆی

ژمارەکان بە بەرگ تێگیراوی)ی چەندین گۆڤاری کۆن هی دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ و ٨٠ی سەدەی زایینیی پێشوو، نوسخە و چاپە جیاوازەکانی دیوانی زۆر لە شاعیرە کلاسیکەکانی کورد؛ لە گەڵ ئەمانەشدا، ئەرشیفێکی بە نرخ لە نامە و دەستنووسی کەسایەتییە سیاسی و زانستییەکانی کورد کە کاتی خۆی بۆ وەرگرتنی زانیاری و روونکردنەوە لە بارەی ئەو بابەت و کەسانەی توێژینەوەی لە سەر کردوون، پێوەندیی پێوە گرتوون. تەنانەت ئەو جانتا و ڕیزی بەرنامە و لۆگۆ و ڕیزلێنان و بەڵگەنامانەی لە فستیڤاڵ و کۆنگرە و کۆنفرانس و دیدارە کولتووری و زانستییەکانی نێوخۆ و کوردستان، بە دیاری پێیان داوە، لەو کتێبخانە پێشکەشکراوەدا دەبیندرێن.

زانکۆی کۆیە هەر لە نێو کتێبخانەی ناوەندیی خۆیدا، هۆڵێکی تایبەتی بۆ کتێبخانەکەی د. عوسمان دەشتی و هەر بە ناوی خۆیەوە تەرخان کردووە. ئەمڕۆ پێنجشەممە ١٦ی دیسەمبری ٢٠٢١، ڕێورەسمی کردنەوەی ئەو کتێبخانەیە بەڕێوە چوو. بۆ من بەشداری لەو بۆنەیەدا لە چەند بارەوە پێویست و ئەرک بوو. لە پێشدا وەک ڕێزگرتن لە دەسپێشخەرییەکەی ئەو پرۆفیسۆرە بە خزمەتە.

چونکە دڵنیام ئەو کتێبخانەیە گرنگترین و زۆرترین بەشی لە سامان و دارایی ئەو پیاوە بەخشندەیە پێک دێنا و وەک بۆ خۆی لە قسەکانی ئەمڕۆیدا کوتی، بە قەرا منداڵەکانی بە لایەوە خۆشەویستن. بەو حاڵەش ئەو پێی باشە بیاندا بە زانکۆ تا خوێندکاران بە تایبەتی خوێندکارانی ماستەر و دوکتورا، سوودیان لێ وەربگرن.

د.عوسمان جگە لەوەی لە قۆناغی بەکالۆریۆس و خوێندنی دوکتورا مامۆستام بووە و لەم بارەیەوە حەقی ئوستادیی بە سەر من و زۆرانەوە هەیە، ئێمە وەک ڕۆژهەڵاتییەکانی کوردستانیش پێی قەرزدارین. د.عوسمان هەم توێژینەوەی ماستەر (دەربارەی ناوەرۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی شێعرەکانی هێمن) و هەم توێژینەوەی دوکتورای خۆی ( ئەزموونی شێعری موکریان و شوێنی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا) بۆ باس لە ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەرخان کردوە. دیارە کۆمەڵێک نووسین و توێژینەوەی دیکەشی هەر لە بارەی ئەدەب و ئەدیبانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەنجام داون کە هەموانیان نرخ و گرنگیی خۆیانیان هەیە.

پێشوازیی زانکۆی کۆیەش لەم هەنگاوەی د.عوسمان دەشتی، شایان و شیاوی ئاماژە پێکردنە. چونکە وێڕای تەرخانکردن شوێن و پێداویستییەکانی دیکەی ڕاگرتن و دەستپێڕاگەیشتنی خوێنەران و داواکارانی ئەو گەنجە بە نرخە، بە جوانترین وتار و دەربڕین لە سەر ئاستی سەرۆک و جێگری زانستیی سەرۆکی زانکۆی و ڕیزلێنانی پرۆفیسۆر دەشتی لە لایەن سەرۆکایەتیی زانکۆ و کۆلێژی پەروەردە و سەرۆکایەتیی بەشی کوردی، بە دەنگیەوە هاتن .

خۆزگەم دەخواست ئەو وتانەی ئەمڕۆی سەرۆکی زانکۆ (پرۆفیسۆر د. وەلی مەحموود) و جێگرە زانستییەکەی (د. حەیدەر لەشکری) و، د. عومەر کەریم مەحموود و خودی د. عوسمان دەشتی- کە لەبەر دەنگدانەوەی هۆڵەکە، بێ ئامێر و تەنانەت بێ تۆمارکردنیش پێشکەش کران- بە ڤیدیۆ و لە سەر کاغەزیش بڵاو ببانەوە، چونکە پڕ بوون لە بۆچوون و ئەزموون و پێشنیازی جوان. یەکێک لە خاڵە سەرنجراکێشەکانی ئەو وتارانە، ئاماژە بە خزمەتی ئەو تێکۆشەرانەی کوردستان لە هەر دوو بەشی باشوور و ڕۆژهەلاتی کوردستان بوو، کە بە هۆی خزمەتی پێشمەرگایەتی، بە درەنگەوە و بە

تەمەنێکی زۆرەوە گەڕانەوە نێو هەرێمی زانکۆ، درێژەیان بە خوێندن داوەو بوونەوە بە مامۆستا و دوکتور و پرۆفیسۆر و لەم پانتاییەشدا جێ پەنجەیان دیارە و بەرهەمی بە نرخ و شوێندانەریان پێشکەش کردوە. پڕۆفیسۆر د.عوسمان دەشتی یەکێک لەو تێکۆشەرانەیە. لێرەشدا بوو کە مامۆستا حەسەنزادە کە هەڵگری بڕوانامەی فەخریی زانکۆی کۆیەیە، یادی لێکرایەوە و ناوی هات .

بەوەش گەلێک دڵخۆش بووم کە هەم د.عوسمان و هەم وتاربێژانی دیکەی ئەم ڕێورەسمە، هیچ کامیان خاتوونی هاوسەری د.عوسمان، مامۆستا (نەجیبە) یان لە بیر نەکرد کە ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە پشتیوانی و هاوکاریی هاوسەرەکەی لە هەر دوو قۆناغی خەباتی شاخ و تێکۆشانی زانستی و پاراستنی کتێبخانەکەیدا و بە ڕێز و پێزانینەوە ئاوڕیان لێدایەوە.

بە نۆرەی خۆم پیرۆزبایی لە پڕۆفیسۆر د.عوسمان دەشتی و زانکۆی کۆیە دەکەم بە بۆنەی خوڵقاندنی ڕووداوێکی لەم چەشنە کە بە دڵنیاییەوە شیاوی لێفێربوون و، کردنی بە نەریتێک لە ژیانی زانستی و زانکۆییدایە.

## لیستی کتێب و گۆڤار و بڵاوکراوەکانی هۆڵی د. عوسمان دەشتی

| لیستی کتێب | ژمارە |
| --- | --- |
| ئەدەبی کوردی | ٢٩٢٠ |
| ڕێزمانی کوردی | ٣١٥ |
| الادب العربی | ٧٣٤ |
| قواعد العربیة | ٧٥ |
| مێژوو بە زمانی کوردی | ٧٦٦ |
| مێژوو بە زمانی عربی | ٣٥٢ |
| جوگرافیا | ٥٥ |
| قانون و سیاسەت | ٢٥٠ |
| کارگێڕی و ئابوری | ٧٨ |
| دەروونناسی و فەلسەفە | ١٢٧ |
| کتێبی ئاینی | ٣٢٧ |
| زانست و ئەندازیاری | ٣٨ |
| کتێبی فارسی | ٣٣٠ |
| فەرهەنگەکان | ٢٠٠ |
| ڕۆژنامەگەری | ١٠٤ |
| کتێبی جۆراوجۆر (تێکەڵ) | ٢٥٥ |
| **کۆی گشتی** | ٦٩٢٦ |
| **لیستی گۆڤار و بڵاوکراوەکان :٣٠٢**<br>**ناونیشانی جۆراوجۆری گۆڤار و بڵاوکراوەکان.** | |

تێبینی/ بۆ پەیداکردنی زانیاری و شارەزایی زیاتر لەبارەی کارنامەی زانستی و پێشنیاری و پرۆژەکانی نووسەر سەردانی ئەم پێگەیەی خوارەوە بکەن.

osmandashty.net

••••••••••••••

هەندێ وێنە و دیمەنی چەند لایەنێکی پەیوەندیدار بە ڕێوڕەسمی کردنەوەی هۆڵی کتێبخانە و ئەرشیفی د. عوسمان دەشتی لەڕۆژی ٢٠٢١/١٢/١٦ز.




سوپاس و پێزانین
بۆ بەڕێز/ پ.د. عوسمان دەشتی











KOYA UNIVERSITY
(کتێب باشترین هاوڕێی مرۆڤە)
کردنەوەی هۆڵی کتێبخانە و ئەرشیفی د. عوسمان دەشتی








(کتێب باشترین هاوڕێی مرۆڤە)






KOYA UNIVERSITY
(کتێب باشترین هاوڕێی مـرۆڤە)
کردنەوەی هۆڵی کتێبخانە و ئەرشیفی د. عوسمان دەشتی
BOM









KOYA UNIVERSITY

# سوپاس و پێزانین

**بۆ بەڕێز/ پ.د. عوسمان دەشتی**

سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی بەڕێزتان دەکەین بەرامبەر بە پێشکەشکردنی تەواوی کتێبخانە و ئەرشیفی تایبەتی خۆتان بە کتێبخانەی زانکۆی کۆیە، ئەو دیارییە بەنرخەتان دەبێتە پاڵپشتییەکی گەورە بۆ خوێندکاران و مامۆستایانی بەشەکان لە زانکۆمان.

هەربژین و سەرکەوتوبن

پ.د. وەلی محمود حمد
سەرۆکی زانکۆی کۆیە
٢٠٢١/١٢/١٦

# سوپاس و پێزانین

KOYA UNIVERSITY

## بەڕێز پ. د. عوسمان دەشتی

سەرۆکایەتیی بەشی زمانی کوردی فاکەڵتیی پەروەردەی زانکۆی کۆیە، مامۆستایان و
خوێندکارانی هەموو ئاستەکانی دکتۆرا، ماستەر، دبلۆم، بەکالۆریۆس.
ئەو دیارییە گەوهەر ئاسایەی ئێوە بۆ ئێمە بەرز دەنرخێنن

بەڵێ دیارە لە ناو قەومی بەسیتا قەدری سەنعەتکار
وەکو عەکسی قەمەر وایە لەناو حەوزێکی لێخندا
هەربژین و سەرکەوتوبن.

دەریا حەوێزی
سەرۆکی بەشی زمانی کوردی
٢٠٢١ / ١٢ / ١٧

Kurdistan Regional Government
Presidency of Ministers Council
Ministry of Higher Education and Scientific Research
KOYA UNIVERSITY

KOYA UNIVERSITY

حکومەتی هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکـــۆی کۆیـــە

No ژمارە ٣٣٢٨/٢٩/٧
Date ڕێکەوتی زایینی ٢٠٢١/٩/٢٢
ڕێکەوتی کوردی ٢٧٢١/ / 
z

سەرۆکایەتی دەرچوو زانکۆی کۆیە

فەرمانی زانکۆیی

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە.

بڕیارمان دا بە:-

دانانی بەڕێز (پ.د. عثمان حمد خضر)، لە پۆستی بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانەی ناوەندی زانکۆمان.

ئەم فەرمانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەست بەکاربوونیەوە.

پ.د. ولی محمود حمد
سەرۆکی زانکۆ

وێنەیەک بۆ:
- نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ.
- بەڕێزان یاریدەدەرانی سەرۆکی زانکۆ.
- کتێبخانەی ناوەندی زانکۆ.
- بەڕێوەبەرایەتی خۆیەتی.
- بەڕێوەبەرایەتی دارایی.
- بەڕێوەبەرایەتی ئامار و پلان دانان.
- بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن.
- بەڕێوەبەرایەتی میلاکات.
- بەشی مووچە.
- دۆسیەی کەسی.
- دۆسیەی دەرچوو.

: president.office@koyauniversity.org
url : koyauniversity.org

Koya University
University Park
Daniel Mitterrand Boulevard
Koya, Kurdistan Region, Iraq

(١)

President Office

Kurdistan Regional Government
Presidency of Ministers Council
Ministry of Higher Education and Scientific Research
KOYA UNIVERSITY

KOYA UNIVERSITY

حکومەتی هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکـــۆی کۆیـــە

No ژمارە ٣٧٣٠/٢٩/٧
Date ڕێکەوتی زایینی ٢٠٢١/١٠/١٧
ڕێکەوتی کوردی ٢٧٢١/ / 
z

فەرمانی زانکۆیی

دوا بە دوای هەردوو فەرمانی زانکۆیمان بە ژمارەکانی (٣٣٢٨/٢٩/٧) و (٣٣٣٠/٢٩/٧) لە ڕێکەوتی (٢٠٢١/٩/٢٢)، تایبەت بە دانان و لێبوردن لە پۆستی بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانەی ناوەندی زانکۆمان، بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە، بڕیارماندا بە:-

گۆڕینی ناوەڕۆکی فەرمانەکانی سەرەوە و دانانی بەڕێز (پ.د. عثمان حمد خضر) وەك سەرپەرشتیاری بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانەی ناوەندی زانکۆمان، وە کار بە فەرمانەکانی پێشوومان ناکرێت.

ئەم فەرمانە جێ بە جێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

پ.د. ولی محمود حمد
سەرۆکی زانکۆ

وێنەیەک بۆ:
- نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ.
- بەڕێزان یاریدەدەرانی سەرۆکی زانکۆ.
- بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانەی ناوەندی زانکۆ.
- بەڕێوەبەرایەتی دارایی.
- بەڕێوەبەرایەتی ووردبینی.
- بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن.
- بەڕێوەبەرایەتی میلاکات.
- بەڕێوەبەرایەتی پلان دانان و ئامار.
- بەشی مووچە.
- دۆسیەی کەسی.
- دۆسیەی دەرچوو.

: president.office@koyauniversity.org
url : koyauniversity.org

Koya University
University Park
Daniel Mitterrand Boulevard

(٢)

President Office

KOYA UNIVERSITY

حكومة اقليم كوردستان
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جـــامعـة كويـــه

No ژمارە: ٢٠٠٣/١٢/٧
Date ڕێکەوتی زایینی: ٢/١١/٢٠٢١
ڕێکەوتی کوردی: /٢٧٢١

S

فەرمانی زانکۆی

ئاماژە بە فەرمانی زانکۆی ژمارە (٧ /٣٧٣٠/٢٩ ) لە (٢٠٢١/١٠/١٧) بە مەبەستی گواستنەوە و جێگیرکردنی کتێبخانەی بەڕێز(د. عوسمان دەشتی ) بەپێی ئەودەسەڵاتەی پێماندراوە بڕیارماندابە :-
بەپێکهێنانی لیژنەیەك بە ناوی لیژنەی (سەرپەرشتی گواستنەوە و دامەزراندن و جێگیرکردنی کتێبخانەی ئەرشیفی د.عوسمان دەشتی) لە کتێبخانەی ناوەندی زانکۆی کۆیە ، لەم بەڕێزانەی خوارەوە پێکهاتووە.

| | |
|---|---|
| ١- پ.د. عوسمان دەشتی | سەرۆکی لیژنە |
| ٢- د. ئارام سامی قادر | یاریدەدەری سەرۆکی لیژنە |
| ٣- شاخەوان محمد حسین | ئەندام |
| ٤- کاروان محمود ڕەشید | ئەندام |
| ٥- کەنار ئەنوەر ڕەشید | ئەندام |

❖ تێبینی / گشت خەرجیەکانی ئەم کارە لەڕێگای هەمان لیژنەوە ئەنجام دەدرێت، بەشێوازێکی ژمێریاری و لەسەرداهات خەرج دەکرێت .

پ.د. ولی محمود حمد
سەرۆکی زانکۆ

وێنەیەك بۆ:
- نووسینگەی بەرێز سەرۆکی زانکۆ.
- بەرێزان یاریدەدەرانی سەرۆکی زانکۆ.
- بەڕێوەبەرایەتی دارایی .
- بەڕێوەبەرایەتی وردبینی .
- دۆسیەی دەرچوو.

**President Office**

president.office@koyauniversity.org
url: koyauniversity.org
Koya University
University Park
Daniel Mitterrand Boulevard
Koya, Kurdistan Region, Iraq

(٣)

KOYA UNIVERSITY

حکومەتی هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکـــۆی کۆیـــە

No ژمارە: ٤٤٥٢/١٦/٢
Date ڕێکەوتی زایینی: ٨/١١/٢٠٢١
ڕێکەوتی کوردی: /٢٧٢١

z

فەرمانی زانکۆیی

ئاماژە بە نووسراوی کتێبخانەی ناوەندی زانکۆمان ژمارە (١٣٠) لە (٢٠٢١/١١/١)، سەبارەت بە (سەرپەرشتی و گواستنەوە و دامەزراندن و جێگیرکردنی کتێبخانەی ئەرشفی د. عوسمان دەشتی) لە بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانەی ناوەندی زانکۆمان، بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە.
بڕیارماندا بە:-
خەرجکردنی بڕی (٥ , ٥٠٠ , ٠٠٠) تەنها پێنج ملیون و پێنج سەد هەزار دینار لەسەر داهات لە ڕێگەی لیژنەی تایبەت بەم کارە.

پ.د. ولی محمود حمد
سەرۆکی زانکۆ

وێنەیەك بۆ:
- نووسینگەی بەرێز سەرۆکی زانکۆ.
- بەرێزان یاریدەدەرانی سەرۆکی زانکۆ.
- بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانەی ناوەندی زانکۆ.
- بەڕێوەبەرایەتی دارایی.
- بەڕێوەبەرایەتی وردبینی.
- یەکەی داهات.
- دۆسیەی دەرچوو.

**President Office**

president.office@koyauniversity.org
url: koyauniversity.org
Koya University
University Park
Daniel Mitterrand Boulevard
Koya, Kurdistan Region, Iraq

(٤)

KOYA UNIVERSITY

حکومەتی هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکــــۆی کۆیــــە

No ژمارە
Date ڕێکەوتی زایینی ١٦/ ١١/ ٢٠٢١
ڕێکەوتی کوردی / / ٢٧٢١

## فەرمانی زانکۆیی

ئاماژە بە نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانەی ناوەندی زانکۆمان ژمارە (١٣٦) لە (٢٠٢١/١١/١٥)، سەبارەت بە پۆلێن و تۆمارکردنی پەرتوکەکانی بەڕێز (پ.د. عوسمان دەشتی) لە بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو، بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە، بڕیارماندا بە:-

پێکهێنانی هەردوو لیژنەی پۆلێن کردن و تۆمارکردن لەم بەڕێزانەی ناویان لە خوارەوە هاتووە:

١- لیژنەی پۆلێن:-

| ز | ناوی سیانی | ناونیشان | لیژنە |
|---|---|---|---|
| ١ | د. فایق شکور عباس | مامۆستا | سەرۆکی لیژنە |
| ٢ | معروف نادر معروف | م.ی | ئەندام |
| ٣ | خالید نورالدین محمد | یاسایی | ئەندام |
| ٤ | هەوار همزە محمود | وەرگێڕ | ئەندام |
| ٥ | مەریوان ابراهیم احمد | ی. توێژەر | ئەندام |
| ٦ | ظریفە ابوزید عبد الله | ب. وردبینی باڵا | ئەندام |
| ٧ | کاروان محمود رشید | ی. تێبینەر | ئەندام |

٢- لیژنەی تۆمار:

| ز | ناوی سیانی | ناونیشان | لیژنە |
|---|---|---|---|
| ١ | د. احمد عبدالله ولی | مامۆستا | سەرۆکی لیژنە |
| ٢ | گۆران عبدالله حەمەعلی | م.ی | ئەندام |
| ٣ | پرشنگ شفیق حمد | ڕاوێژکاری یاسایی | ئەندام |
| ٤ | ڕابەر جوهر عبدالخالق | ی. توێژەر | ئەندام |
| ٥ | محمد اسماعیل احمد | ی. توێژەر | ئەندام |
| ٦ | شاخەوان محمد حسین | ی. تێبینەر | ئەندام |
| ٧ | کەنار انور عمر | ی. تێبینەر | ئەندام |

پ.د. ولی محمود حمد
سەرۆکی زانکۆ

وێنەیەک بۆ:
- نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ.
- بەڕێزان یاریدەدەرانی سەرۆکی زانکۆ.
- بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانەی ناوەندی زانکۆ.
- بەڕێوەبەرایەتی دارایی.
- بەڕێوەبەرایەتی وردبینی.
- سەرۆک و ئەندامانی لیژنە.
- دۆسیەی کەسی.
- دۆسیەی دەرچوو.

President Office

: president.office@koyauniversity.org
url : koyauniversity.org
Koya University
University Park
Daniel Mitterrand Boulevard
Koya, Kurdistan Region, Iraq

(٥)

Kurdistan Regional Government
Presidency of Ministers Council
Ministry of Higher Education and Scientific Research
KOYA UNIVERSITY

KOYA UNIVERSITY

حکومەتی هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکــــۆی کۆیــــە

No ژمارە
Date ڕێکەوتی زایینی ١٤/ ١٢/ ٢٠٢١
ڕێکەوتی کوردی / / ٢٧٢١

## فەرمانی زانکۆیی

ئاماژە بە یاداشتی بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانەی ناوەندی زانکۆمان، بە مەبەستی استلام کردنی کتێبخانەی بەڕێز (پ.د. عثمان دەشتی) بۆ بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو، بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە.

بڕیارماندا بە:-

پێکهێنانی لیژنەی استلام لەم بەڕێزانەی ناویان لە خوارەوە هاتووە تایبەت بەم کارە.

| | |
|---|---|
| ١- د. فائق شوکر | سەرۆکی لیژنە |
| ٢- ڕاستی ئاسایش حەمەسعید | ئەندام |
| ٣- معروف نادر معروف | ئەندام |

پ.د. ولی محمود حمد
سەرۆکی زانکۆ

وێنەیەک بۆ:
- نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ.
- بەڕێزان یاریدەدەرانی سەرۆکی زانکۆ.
- بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانەی ناوەندی زانکۆ.
- بەڕێوەبەرایەتی دارایی.
- بەڕێوەبەرایەتی وردبینی.
- سەرۆک و ئەندامانی لیژنە.
- دۆسیەی کەسی.
- دۆسیەی دەرچوو.

President Office

: president.office@koyauniversity.org
url : koyauniversity.org
Koya University
University Park
Daniel Mitterrand Boulevard
Koya, Kurdistan Region, Iraq

(٦)